خولی سعودیە... نەسە بەچوار گەل لە ئیتیحادی بردەوە



لە خولی سعودیە نەسە بە سەرکردایەتی کریستیانۆ رۆنالدۆ کۆتا هەفتەی بەبردنەوە لە ئیتیحاد کۆتایی پێهێنا.

لە یارییەکانی هەفتەی 34ی خولی سعودیە، نەسە لە یاریگای خێدا میوندارای ئیتیحادی کرد.

لە گەمی یەکەم ئاستی نەسە باشتر بوو پاش چەندین هەرش توانیان لە خولەکی سێی زیادکراوی تایمەکە لەپگای کریستیانۆ رۆنالدۆوە گۆڵی یەکەم تەماربکەن و ئەو گەمەش بەو ئەنجامە کۆتایی پێهات.

لە دووەم دووەم پاش چەند هەرشێک لە خولەکی 69 کریستیانۆ رۆنالدۆ دووەم گۆڵی خۆی و یانەکەی کرد تەمارکرد، نە خولەک دواتر عەبدولڕەحمان غەریب بە لێدانی سزا گۆڵی سێیەمی نەسەی تەمارکرد، پاشان یاریزانانی ئیتیحاد گەیشتنەوە کەشی یاریەکە و لە خولەکەکانی 89 و دووی کاتی زیادکراو دوو گۆڵیان لەپگای یاریزانان شەمرانی و فابینۆ تەمارکرد، بەمجۆرە سێ خولەک دواتر نەسە لەپگای مشاری نەمرەوە گۆڵی چوارەم و دۆنیاییان تەمارکرد.

سەرەنجام یارییەکە بە چوار گۆڵ بەرامبەر بە دوو گۆڵ لە بەرژەوەندی نەسە کۆتایی پێهات و بە کۆکردنەوەی 82 خاڵ و لە پلەی دووەم وەرزکەیان کۆتایی پێهێنا، ئیتیحادیش بە 54 خاڵ لە پلەی پێنجەم ئەم وەرزی کۆتایی پێهات.